گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper19
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 15/02/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 25/04/2023
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2024

# کاریگەری ناپاکی هاوسەرگیری لەسەر خێزان-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

**اسماعيل خالد مولود[١]- عبدالحميد على سعيد بەرزنجی[٢]**
abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd - Ismail.mawlood@su.edu.krd
[١+٢]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەتێگەیشتن لەکردەی ناپاکیی هاوسەرگیری و کاریگەری لەسەر خێزان بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێکی دیاریکراو. وەک زانینی ئاستی بەربڵاوی ناپاکیی هاوسەرگیری دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ناپاکی. دۆزینەوەی هۆکارەکانی پاڵنەر بۆ ناپاکی. دەستنیشانکردنی کاریگەری ناپاکیی هاوسەرگیری لەسەر خێزان. شێوازەکانی ڕێگری لە بڵاوبونەوەی ناپاکیی هاوسەرگیری، جۆری توێژینەوەکە چۆنایەتییەو میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە و ئامرازەکانی چاوپێکەوتن تێبینیکردن بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهاتون لەگەڵ ئامرازی گێڕانەوە و جەختکردنەوە لە کەیسەکان واتە توێژینەوەی بار، کۆمەڵگەی توێژینەوەمان بریتییە لە سەنتەری شاری هەولێر بەشێوەی نمونەی مەبەستدار قەبارەی نمونەکەشمان دیاریکراو و بچوکە لە (8) حاڵەت پێکدێت. لە چەند دامەزراوەیەکی حکومی تایبەتمەند بە بواری چاکسازی و لەخۆگرتن و پاراستنی کەیسەکان لە هەر توندوتیژی و هەڕەشەیەک ئەوانیش (بەڕێوەبەرایەتی شەڵتەری هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگرتن و گواستنەوە) یەکێک لە هۆکارەکانی ناپاکی لای کەیسەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەستی تۆڵەسەندنەوەی بەرامبەر هاوسەران و بەزۆر، فەرامۆشکردنی یەکتر بەزۆر بەشودان و کاریگەری هاوڕێ خراپ و بونی بۆشایی درونی و سێکسی و تێرنەکردنی ئارەزوی سۆزداری و سێکسی و لاسایکردنەوەی دراما دۆبلاژکراوەکان و فلیمی بیانی لەنێوان هاوسەران، هەمو ئەو هۆکارانە بونە هۆی ئەنجامدانی ناپاکیی هاوسەرگیری و دواتر دروستکردنی کاریگەری نەرێنی لەسەر خێزان و لێکترازانی خێزان و بێبەشبونی منداڵ و پەرتەوازەی منداڵی

لێکەوتۆتە وای لێکردون دوربن لەژێر کۆنترۆڵی پەروردەی دروستی دایک و باوکیان بکەونە لای کەسان و دامەزراوەکانی دیکەوە.

**کلیلە وشەکان** : ناپاکی، ناپاکی هاوسەرگیری.

**پێشەکی:** ناپاکیی هاوسەرگیری بەیەکێک لەگرفتەکانی ئەو سەردەمەمان دادەندرێت لەزۆربەی کۆمەڵگەکاندا، تەنها پەیوەست نییە بەشوێنێک و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، بەڵکو ئەو گرفتە لەتێکڕای کۆمەڵگا مرۆییەکان لەجیهاندا بڵاوە، ناپاکی بەڕێژە و قەبارەی جیاواز لەناو وڵاتانی دواکەوتو یان تازەپێگەیشتو یاخود وڵاتانی پشکەوتو هەیە، بەربڵاوی ئەو گرفتە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار کە ڕۆڵیان بینیوە لەزیادبون و بڵاوبونەوەی ئەو دیاردەیە کۆمەڵایەتییە لەهەمان کاریگەری نەرێنی بەردەوامی لەسەر خێزان بە تایبەتی و کۆمەڵگا بەگشتی هەبوە ئەمەش وایکرد کۆمەڵێک گرفتی کۆمەڵایەتی و دەرونی بەدوایی خۆی دابهێنێت.

## یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### 1.گرفتی توێژینەوەکە: (Research Problem)

ناپاکی هاوسەرگیری پاڵپشت بەداتا و زانیاری تۆمارکراوی دادگای تێهەڵچونی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان و بەڕێوبەرایەتیی شەلتەری هەولێر و بەڕێوەبەرایەتیی گرتن و گواستنەوەی هەولێر، شیاوی ئەوەیە کە توێژەر هەڵوەستەی لەسەر بکات و پرسیار لەبارەی ئەوە ڕێژە زۆرەی هەڵوەشانەوەی خێزان و توندوتیژی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان بکات بەهۆی ئەو گرفتەوە. بەگوێرەی ئاماری ساڵی (2022) زۆرترین ئەو کەسانەی ڕوبەڕوی گرفتی ناپاکیی هاوسەرگیری بونەتەوە تەمەنیان لە نێوان (30-35) ساڵیدایە، کۆی گشتی حاڵەتەکانی ناپاکیی هاوسەرگیری لەم ساڵەدا گەیشتۆتە (1023) حاڵەت، لەکۆی گشتی حاڵەتەکانی جیابونەوەی هاوسەران کە (5465) حاڵەتە. ئەم داتایەش هانماندەدات بۆ ئەوەی پرسیار لەبارەی هۆکارو پاڵنەرو کاریگەرییەکان بخەینەڕو بیکەینە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە.

**هەڵبژاردنی ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک وەکو:**

1-ڕێژەیی ئەو دیاردەیە لەچ ئاستێکدایە لەنێو کۆمەڵگای کوردستانیدا؟

2-چ جۆرە ناپاکییەکی هاوسەرگیری لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەیە؟

3-کامانەن ئەو هۆکارانەی کە دەبنە پاڵنەر بۆ ناپاکیی هاوسەرگیری؟

4-ناپاکیی هاوسەرگیری چ کاریگەریەکی لەسەر خێزان دروست دەکات؟

5-کامانەن ئەو پلان و شێوازانەی کە دەبنە ڕێگر لەبڵاوبونەوەی ناپاکیی هاوسەرگیری؟

## 2.گرنگی توێژینەوەکە: (Importance of the Research)

هەمو توێژینەوەیەکی زانستی گرینگی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم توێژینەوەییەش گرینگی خۆی لە دو لایەنەوە دەردەخات.

1- لەڕوی تیۆرییەوە گرنگییەکەی لەوەدایە، ژمارەی توێژینەوەی پێویستی لەبارەی ئەنجامنەدراوە لە هەرێمی کوردستانیدا ئەمەش وادەکات لەڕوی چوارچێوەی چەمکەوە کەموکورتیمان هەبێت بۆیە ئەو توێژینەوەیە دەبێتە هەنگاوێک بۆئەوەی لەڕوی تیۆرییەوە زانیاری و داتا سەبارەت بەهۆکار و شێوە و کاریگەرییەکانی ناپاکیی بەدەستبێنرێت.

2- لەڕوی مەیدانیی بریتییە لە بەدەستهێنانی زانیاری لەڕێگەی چاوپێکەوتنەوە، بەهۆی توێژینەوەکەمان و لەکۆتاییدا گەیشتن بە ئەنجام، لەو ڕێگەیەوە دەتوانین لە گرفتی توێژینەوە تێبگەین، دواتریش چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێک بخەینەڕو بۆئەوەی لایەنی فەرمی و پەیوەندیدار بتوانن سود لەم پێشنیارانە وەربگرین بۆ ئەوەی ئەو توێژینەوەیە ببێتە بەشێک لە چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی ئەو گرفتانە.

## 3.ئامانجی توێژینەوەکە: (The Aims of the Research)

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەتێگەیشتن لەکردەی ناپاکیی هاوسەرگیری و کاریگەری لەسەر خێزان بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێکی دیاریکراو.

1- ڕێژەیی ئەو دیاردەیە لەچ ئاستێکدایە لەنێو کۆمەڵگای کوردستانیدا؟

2- دۆزینەوەی هۆکارەکانی پاڵنەر بۆ ناپاکیی هاوسەرگیری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

3- دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ناپاکیی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

4-دەستنیشانکردنی کاریگەری ناپاکیی هاوسەرگیری لەسەر خێزان و کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

5-زانینی پلان وشێوازەکانی ڕێگر لە بڵاوبونەوەی ناپاکیی هاوسەرگیری لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

## دووەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:(Definition of concepts)

چەمکەکان لە توێژینەوەی زانستی بەمەبەستی تێگەیشتنی زانستیانەیە لە ناوەرۆکی توێژینەوەکە و وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو چەمکانەی ناونیشانی توێژینەوەکەی لێپێکدێت. چەمک: بریتییە لە ئامرازێکی هێمایی (symbolism) کە مرۆڤ پەنای بۆ دەبات بۆ گوزارشتکردن لە مانا و بیروڕا جیاوازەکان

بەمەبەستی گەیاندنی بۆخەڵکانی تر، دیاریکردنی چەمک و زاراوە زانستیەکان (Technical terms) کارێکی پێویستە لە لێکۆڵینەوەی زانستی، پێویستە لەسەر توێژەر لەکاتی کارکردن بۆ دارشتنی گرفتەکەی چەمکەکان دیاریبکات بەشێوەیەکی ورد و ڕون بۆئەوەی خوێنەری ئەم توێژینەوەیە بەئاسانی لەمانا و بیروڕاکانی توێژەر بگات (الحسن،2010:171) بۆ ئەم مەبەستە چەند پێناسەیەک دەخەینەڕو:

### 1-.ناپاکی: **الخيانة** (betrayal):

ناپاکی واتە پارێزگارینەکردن لەو پەیمان و بەڵێنەی کە دو لایەن بەیەکتریان داوە لەسەرەتایی کارەکەیان، لایەنێک کەمتەرخەم بوە و هیچ بەها و ڕێزێکی بۆ خۆی و هاوبەشەکەی دانەناوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بەڵێن و پەیمانەیە کە بەخۆی و بەهاوبەشەکەی داوە لەپێشوتر(السدخان،2011:34).

### 2.ناپاکیی هاوسەرگیری

ناپاکیی هاوسەرگیری لەڕوانگەی زانستی کۆمەڵناسی: بریتییە لەو گرفتە کۆمەلایەتییەی هاوسەران ڕوبەڕویان دەبێتەوە، بەهۆی ئەو قەیرانە کلتورییەی کۆمەڵگە دوچاری دەبێتەوە و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر گرفتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و دەبێتە هۆی دۆخێکی ناسەقامگیر لەنێوان هاوسەراندا، ئەو جۆرە لە ڕەفتارە لەسەر هەمو ئاستەکانی کۆمەڵگە ڕەتکراوەتەوە لەبەرئەوەی هەڕەشەیە لەسەر ڕەگەزی مرۆڤایەتی و دژە لەگەڵ دابونەریت و بەها کۆمەلایەتییەکان. هەر لەبەرئەمەش سەرجەم ئاینییە ئاسمانی و نائاسمانی ڕێگەیان بەو کارە نەداوە(حياة،2015: 34).

پێناسەی کارایی بۆ چەمکی ناپاکی: **مەبەست لە ناپاکی لەو توێژینەوەیەدا، هەمو ڕەفتارێکی زارەکی یان کردارەکی یاخود نایاسایی کە ببێتە مایەی زیان گەیاندن بە ژیان یان سامان یاخود پارە، یان هەر جۆرە پەیوەندییەکی دیکە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بەهاوبەشەکەی، بۆنمونە درۆکردن، دروستکردنی پەیوەندی سۆزداری و سێکسی لەدەروەی پڕۆسەی هاوسەرگیری، دزی، پیلانگێڕی، هەمو ئەمانە ببنە مەترسی بۆ سەر ژیانی کەسی بەرامبەر کە ئەمەش دژە لەگەڵ ئایین و کولتوری کۆمەڵگەی کوردستانی، بەناپاکیی ناوزەند دەکرێت.**

## سێیەم:ئاراستە تیۆرییەکان

### 1-تیۆری بونیاد (Structure Function)

بەیەکێک لە گرنگترین تیۆرە کۆمەلایەتییە ناسراوەکان دادەندرێت، ئەم تیۆرە کار لەسەر بونیادی کۆمەلایەتی کۆمەڵگە دەکات لەپرۆسەی توێژینەوەکردن لەسیستەمە کۆمەلایەتییەکان دەکۆڵێتەوە، هەروەها گرنگی بە

بەربەستە بونیادیەکان دەدات بۆ تێگەیشتن لەکردار و گۆڕانکارییەکان جگەلەمانەش بەشێوەیەکی گشتگیری (شمولی) سەیری کۆمەڵگە دەکات (تیرنر، 5:2000)

چەمکی ئەرک و فەرمانگەرایی زۆرترین گفتوگۆی لەسەر کراوە لەزانستی کۆمەڵناسیدا، چونکە وشەی ئەرک و فەرمان (function ) لەئاستی جۆراوجۆردا بەشێوەی جیاجیا بەکاردەهێنرێت ئەمەش زۆرترین ئاماژەیە بۆ بەشداریی بەش لەپێناو بەردەوامی گشتیدا دەکەن، هەر لەبەرئەمەشە ئەم تیۆرە وەکو ئەرکێکی بونیادنەری کۆمەڵگە وەک چەمکێکی یەک پارچەی دادەنێ و چ لەئاستی شیکردنەوەی یەکە بچوکەکانەوە بێت یان یەکە گەورەکانی کۆمەڵگە بێت بە ئامانجی بەرەو یەکخستنی کۆمەڵایەتی گەورەتر هەنگاودەنێت (حجازی، 2008: 34)

## 2- تیۆری لەکە (الوصم)(labeling)

بناغەی ئەو تیۆرە بۆ هەردو زانای بەناوبانگ (Edwin –lamert) و (Haward becker) دەگەڕێتەوە هەردوکیان بەدامەزرێنەری ئەو تیۆرە دادەندرێن، ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای ئەو هەڵسەنگاندنە کاردەکات بۆ کەسەکە یان بنەماڵەکەی یاخود پێگەی کۆمەڵایەتی و ناوبانگییەکەی بۆتە بەشێک لە ناسنامەیان، ئەو تیۆرە بەشێوەیەکی ژیرانە لێکدانەوە بۆ دەرهاوێشتەکانی تاوان دەکات، لەکەیە بەدرێژایی ژیانی لەدەوری کەسەکە دەخولێتەوە و لەگەڵ کەسەکەدا دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر کەسەکە پەشێمانش ببێتەوە یاخود ئەو کارەکەی نەکردبێت بەردەوام لەو گرفتەدا دەمێنێتەوە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو وێنە زهنییەیە کە کۆمەڵگە کێشاویەتی یاخود هەڵیگرتوە بەبەردەوام بەدەوری ئەو دەخولێتەوە(حسن،280:2005)

ئەم تیۆرە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردو لە ئەمەریکا دەرکەوت کاتێک کۆمەڵگەی ئەمەریکی ڕوبەڕوی گرفتی گۆشەگیری ڕەگەزی بوە بەرامبەر ڕەشپێستەکان، سەرچاوەی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ زانایی ئەمەریکی (فرانک تانبایم) لە ڕێگەی پەرتوکەکەی (تاوان و کۆمەڵگە) لە ساڵی (1938) پێیوایە ڕەفتاری تاوانکاری بەهۆی نەبونی گونجان لەنێوان کەسی لادەر و کۆمەڵگەوە ڕودەدەن(عودە،2017-2016: توێژەر: کاتێک کەسێک ڕوبەڕوی گرفتێکی لەو شێوە دەبێتەوە لەناو کۆمەڵگە، ئەم تاوانە لەنجامی چەواشەکاری زیاد لە ئەندازەی پێویست سەرهەڵدەدات، ڕەنگە ئەو کەسە بۆیەکەم جار ئەو هەڵەی ئەنجام دابێت، بەڵام ئەو چەواشەکارییە بەدرێژایی مێژو لەگەڵیدا دەمێنێتەوە کۆمەڵگە بە چاوێکی کەم سەیری دەکات، ئەمەش لەو جۆرە کەسانە دەکات لەدۆخی تاوانباری بمینێتەوە، بۆیە بەردەوام هەڵەکانی دوبارە دەکاتەوە، هەندێکجار کەسی تاوانبار ئەو باوەڕیان لادروست دەبێت، کە ئەوخوە بۆتە بەشێک لەکەسایەتیان بۆیە ناتوانن لێی

ڕاکەن و ڕزگاریان بێت، چونکە ئەو نازناوە لە کۆمەڵگەدا بەدەوری ئەو کەسە دەسوڕێتەوە و لێیان جیانابێتەوە.

### 2) لێکترازانی کۆمەڵایەتی (تفكك الاجتماعي) (Social Disorganization)

بیردۆزی لێکترازانی کۆمەڵایەتی :(Theory oF social Disorganization)

تورستین سیلین(1896-1994.Thorsten Selien)بەڕابەری ئەو بیردۆزە دادەندرێت، لێکترازانی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشانەوەی خێزان بە سەرچاوەی تاوان دەزانێت، چونکە ئەو پێیوایە بەئەندازەی لاوازبونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی زیاددەبێت، بەو ئەندازەیەش ویژدان لاوازدەبێت و تاوان زیاددەکات، تاک ڕوبەڕوی ڕەفتاری تاوانی لادەرانە دەبێت و لەپێوەری کۆمەڵایەتییەکان دەترازێ و دژایەتیان دەکات و دژیان دەوەستێتەوە، هەر لەبەرئەمەشە پەنادەباتە بەرئەنجامدانی ڕەفتاری نەشیاو، دەکرێت ناپاکیی ڕەفتارێک بێت لەو ڕەفتارانە. بۆ ئەم مەبەستە سیلین داوای گەڕانەوەی گیانی هاوکاری، تەبایی و خۆشەویستی ئاشتەوایی خێزانەکان دەکات پێیوایە ئەگەر ئەم هەنگاوانەنەنرێت شوێنەواری بەکارهێنانی مەترسیدار لەسەر خێزان دروست دەکات و خێزان و ڕوبەڕوی هەڵوەشانەوە دەبێت و کۆمەڵگەش ڕوبەڕوی گرفتی کۆمەڵایەتی دەبێت (ئەکرەم،12:2020)

کاریگەری لێکترازان لەسەر ڕفتاری لادانی بەدو شێوە دەردەکەوێت.

1- لێکرازانی ماددی خێزان: ئەو جۆرە لە لێکرازانە دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەنەبونی دایک یان باوک بەیەکەوە لەچوارچێوەی خێزاندا، بەجۆرێک ئەگەر باوک ئامادەنەبو لەخێزاندا. جا چ بەهۆی مردن یان بەندکردن یان کۆچکردن بێت لەخێزان یاخود کارەکەی، ئەم دۆخەش بوە هۆی ئامادەنەبونی یەکێکیان لەناو خێزاندا، ئەوکاتە دەبێتە هۆی بێبەش بونی ئەندامانی خێزان لەسۆزو خۆشەویستی یەکتری هەمو ئەو هۆکارانە دەبنە پاڵنەرێک بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەندامانی خێزان بە ئازارێکی دەرونی نادیار ڕەنگە منداڵەکان ڕوبەڕوی ئەجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری ببنەوە.

2- لێکترازانی مەعنەوی خێزان: کاتێک ئەو پەیوەندییە خراپانە لەناو خێزاندا زاڵ بون، ئەم جۆرە لە لێکترازانە لەخێزاندا دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی پەیوەندی نەرێنی لەنێوان ئەندامانی خێزانەکان، ئەگەر هاتو شەڕ و ئاژاوە بەردەوام لەنێوان دایک و باوک ڕویدا، یان یەکێکیان یان هەردوکیان پێشینەی تاوانبارکاریان هەبو، یاخود مامەڵەیان بەشێوازێکی خراپ بو لەگەڵ منداڵەکان، منداڵەکانیش ڕوبەڕوی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر دەبێتەوە ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی ڕق وکینە لەنێوان ئەندامانی خێزان زیادبونی هەستی تاوانکردنیان (الشهراني،2004:52-54).

## چوارەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە:(Research Method)

هەمو توێژینەوەیەکی مەیدانی پێویستی بە کۆمەڵێک ڕێکاریی میتۆدی هەیە، بۆ ئەوەی توێژەر بگات بە ئامانجەکانی پابەندبونیش بەم ڕێکارانە بە کارێکی گرنگ دادەندرێت بۆ ئەوەی توێژینەوەی مەیدانی پێ ئەنجامبدرێت. مەبەست لەمیتود(Method) لای دیکارت بریتییە لە ڕێسا گەلێکی تۆکمەی ئاسان، کە ڕێکخستنە وردەکەی ڕێگا لەوەدەگرێت ناڕاست بەڕاست دابنرێت، خودیش بەمەعریفەی ڕاست دەگەیەنێت بەهەمو ئەو شێوانەی کە دەتوانرێت دەرکی پێبکرێت، بێ ئەوەی کۆشش بەهەدەربدرێت (ئەپراش، 2013: 110).

### 1-کۆمەڵگەی توێژینەوە(مجتمع البحث)(Research Society)

کۆمەڵگەی توێژینەوە ئەو کۆمەڵگە ڕەسەنەیە کە لە کۆمەڵێک کەس پێکدێت، تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە، بڕیارە توێژەر توێژینەوەی لەبارەیەوە ئەنجامبدات. بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان، لەکاتی جێبەجێکردنی توێژینەوەکەیدا. بۆیە توێژەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوە لەگەڵ گشت تاکەکانی نێو کۆمەڵگە لەڕێگەی وەرگرتنی نمونە(المشهداني،2017: 43). کۆمەڵگەی توێژینەوەمان بریتییە لە سەنتەری شاری هەولێر بەشێوەی نمونەی مەبەستدار لە چەند دامەزراوەیەکی حکومی تایبەتمەند بە بواری چاکسازی و لەخۆگرتن و پاراستنی کەیسەکان لە هەر توندوتیژی و هەڕەشەیەک ئەوانیش (بەڕێوەبەرایەتیی شەڵتەری هەولێر، بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان، بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگرتن و گواستنەوە)

### 2-میتۆدی توێژینەوەی بار(Case Study)

ئەم میتۆدە بەیەکێک لە گرنگترین میتۆدە وەسفییەکان دادەنرێت، گرنگی بە توێژینەوەی نمونەیەکی زۆر بچوکی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەی توێژینەوە دەدات، بۆنمونە توێژینەوە لە هەریەکە لە حاڵەتەکانی لادانی ڕەفتاری بەمەبەستی دەسکەوتنی زانیاری لە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی لێتوێژراو بۆیە وەرگرتنی قەبارەیەکی گەورە لەنمونەی توێژینەوە کارێکی زەحمەتە و هەوڵ و ماندوبونێکی زۆری دەوێت و لەسەر توێژەران گران دەکەوێت (عومەر، 2011:197-198).

توێژینەوەی (کاریگەری ناپاکیی هاوسەرگیری لەسەر خێزانەکان لەشاری هەولێر) توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە (کیفیة) (Qualitative) لەبەرئەوەی توێژەر ویستویەتی بچێتە ناو واقیعی کۆمەڵایەتی ژیانی ئەو

خێزانانەی کە ڕوبەڕوی ئەم گرفتە بونەتەوە هەرچەندە توانیومانە ژمارەیەکی سنوردار لە کەیسەکانی لێتوێژراو بەدەست بخەین.

توێژینەوەی چۆنایەتییەکان (Qualitative Research): ئەو توێژینەوانەن کە توێژەر ژمارەیەکی کەم لێتوێژراو دەستنیشان دەکات بۆ ئەوەی زانیارییان لێوەرگرێت، بەهۆی ئامرازەکانی چاوپێکەوتن و تێبنیکردنەوە هەروەها لەکاتی شرۆڤەکردنی داتاکاندا ڕێگە ئامارییەکان بەکارناهێنرێن توێژەر هەوڵدەدات زیاتر ڕۆبچێتە ناو مەسەلەکان(عرابی، 43:2007)

## 1- نمونەی توێژینەوە (Purposive Sample)

ئەوەی تریشیان میتۆدی (گێڕانەوە) (السردي-Nerrative)یە، کاتێک توێژەر بیەوێت وەسفی ژیانی تاکەکان و ئەو گیروگرفتانەی بەدەستییەوە گیریان خواردوە بکات، ئەم میتۆدە بەکاردەهێنێت (زیتون،2007 :-151 148).

سەبارەت بە نمونەی توێژینەوەکە ڕێگای هەڵبژاردنی نمونەمان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە زانیاری ورد و دروست، بۆیە پێویستە ئەم هەنگاوانە پەیرەوبکەین: ئەو نمونەیەی کە ئێمە هەڵمانبژاردوە لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە دەگونجێ لەجۆری نمونەی مەبەسدارە (القصدی) (purposive sample) یەکێکە لە نمونە نائەگەرییەکان و هەڵبژارنی ئەندامەکانی نمونەی توێژینەوەکە، توێژەر ئەو کەسانە هەڵدەبژێرێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەگرفت و بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە، بۆیە توێژەر پشت بەئامانجەکانی توێژینەوە دەبەستێت، کە تا چەندە پەیوەندییان بەو کەسانەوە هەیە کە دیاری دەکرێن، لەلایەن توێژەر بۆ وەرگرتنی زانیاری (شوانی، 207:2015).

## 2- هەڵبژاردنی قەبارەی نمونەکە:

هەڵبژاردنی قەبارەی نمونەکە دەوەستێتە سەر ئامانج و جۆری توێژینەوەکە، لەبەرئەوەی ژمارەی ئەو دامەزراوانەی کە توێژینەوەیان لەبارەوە دەکەین دیاریکراون، بۆیە قەبارەی نمونەکەشمان دیاریکراو و بچوکە لە (5)حاڵەت پێکدێت.

## پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشو

### یەکەم: توێژینەوە کوردستانییەکان

توێژینەوەی (یوسف محسن عولا و سەروین غازی عثمان) بەناونیشانی (هۆکارەکانی ناپاکیی هاوسەرگیریی لای ئافرەتان) لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی مێژویی و ئەزمونی بەکارهێنراون، نمونەی توێژینەوەکەی بە

هەرەمەکی مەبەستدار وەرگرتوە، قەبارەی نمونەکەی (50) کەس بوە کە هەمو ئەو ئافرەتانەی بە تۆمەتی و تاوانی ناپاکی هاوسەرێتی ڕەوانەی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر کراون، ڕێگای چاوپێکەوتن و فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆکۆکرنەوەی زانیاری.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

1-زانینی پاڵنەرە سەرەکیەکانی ناپاکیی هاوسەرگیری و شوێنەواری دەرئەنجامەکانی.

2-ئەو مەترسیانە چین کە دەکەوێتە سەر ژیانی کەسی ناپاک؟

3-ئاشنابون بەو دۆزەخ و ژینگە کۆمەڵایەتییەی کەسی خیانەتکار لێی ڕادەکات و پەنای دەباتەبەر پەیوەندییە نایاسایی و سۆزدارییەکانی دەروەی خێزان.

ئەنجامەکانی توێژینەوە:

1- بەگوێرەی ئەو توێژینەوەیە بەرێژەی 92%ی نمونەی توێژینەوەکە ژنی ماڵەوەن.

2- بەرێژەی 52% تاکەکانی نمونەکە بە ئارەزوی خۆیان شویان نەکردوە.

3-بەرێژەی (58%)ی نمونەی توێژینەوەکە، ئاماژەیان بەوە کردوە لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە پشتگوێ خراون.

4 - بەگوێرەی ئەو توێژینەوە بەرێژەی (42%) مەترسی لەسەر ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەیە.

5 - بەگوێرەی ئەو توێژینەوە بەرێژەی(85%) لەلایەن بنەماڵەکانیان سەردانیان ناکەن.

**دوەم: توێژینەوە بیانییەکان**

1 -توێژینەوەیەک لەلایەن (دیدوی سامیة) لەساڵی (2009 – 2010) بەناونیشانی (پەیوەندی ململانێی خێزانیی چەندە کاریگەری دەبێت لەسەر ناپاکیی هاوسەرگیری خێزانی) ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی (وەهران) لە وڵاتی جەزائیر لەساڵی بەمەبەستی بەدەستهێنانی بروانامەی ماستەر لە بەشی دەرونناسی، جۆری توێژینەوەکە (وەسسفی)یە ژمارەی نمونەکانی توێژینەوەکە (13) کەسن، توێژەر ڕێگەکانی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ و تێبینی کلینکیی پزیشکی بەکارهێناوە.

ئامانجەکانی توێژینەوە:

1- لاوازی هەستی سۆزداریی و سێکسی لای هاوسەران هۆکارێکە بۆ ناپاکیی هاوسەرگیری.

2- پەرەسەندنی ململانێ و هەستی تۆڵەسەندنەوە لای ئافرەتان، ڕەنگدانەوەی لەسەریان و ئەنجامدانی ڕەفتاری ناپاکی و زیان گەیاندن بە ئابوری خێزان، کاریگەری ئەو ململانێیە لەسەر لایەنی دەرونی هاوسەران.

3- دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی نەمانی خۆشەویستی و متمانە لەنێوان هاوسەران.

ئەنجامەکانی توێژینەوە:

1- ئاژاوەی خێزانی و بڵاوبونەوەی هەستی تۆڵەسەندنەوە لەنێوان هاوسەران و دەرکەوتنی شوێنەواری خراپ لەسەر نەوەکانیان لەداهاتودا.

2-خراپی باری ئابوری و بێکاری دەبێتە هۆی ئەنجامدانی ڕەفتاری ناپاکیی هاوسەرگیری.

3-ساردی ولاوازی پەیوەندی نێوان هاوسەران لەڕوی سۆزداری و سێکسی.

4-جیاوازی تەمەن لەنێوان پیاو ئافرەت ڕەنگە نەتوانن لەڕوی سێکسسیەوە یەکتر تێربکەن.

5- بەشودانی کچ لەتەمەنی زو یاخود بەزۆر بەشودانی لەلایەن کەسوکارییەوە.

6- کارکردنی پیاو لەشەوانە و نەگەڕانەوەیان بۆماڵەوە.

7-خراپی شێوازی پەروەردەی پێشینەی هاوسەران لەسەردەمی منداڵی و هەرزەکاری.

توێژینەوەیەک لەلایەن (**تود وایفا وارون Todd K. Shackelford Avi Besser, Aaron T. Goetz**) (2007) بەناونیشانی (کەسایەتی و ڕەزامەندی هاوسەرگیری و ئەگەرەکانی ناپاکیی هاوسەرگیری) ئەم توێژینەوە لەکۆلێژی ساپێر لەزانکۆی ئەتلەنتیکی فلۆریدا لەوڵاتی ئەمەریکا ئەنجامدراوە.

نمونەی توێژینەوە پێکهاتوە لە (107)، نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی (مەبەستدار) وەرگیراوە، هەروەها توێژەران میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی و میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە.

ئامانجەکانی توێژنەوە:

1 -دەستنیشانکردن وشیکردنەوەی سروشتی ڕاستەقینەی کەسایەتی مرۆڤ لەلایەنی دەرونناسانی کەسایەتیی ئەو نیشانە و جیاوازییەی لەنێوان پیاو و ژندا هەیە.

2 -زانینی هەلومەرج و بارودۆخی دەوروبەری ژن و پیاوەکە بۆ توێژینەوەکە، ڕۆشنایی دەخاتە سەر گرنگی گۆڕاوە کەسایەتییەکان و پەیوەندییەکانیان بەناپاکیی هاوسەرگیرییەوە.

4-دەستنیشانکردنی کێشە سێکسییەکانی نێوان و پیاو و ژن، ئەنجامدانی سێکس لەدەروەی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەمەش بەرهەمی نەبونی ویژدانە لەنێوان هاوسەرانە.

1 زۆرترین ئەو کەسانەی ئامادەیی ئەوەیان تێدایە ناپاکیی هاوسەرگیری بکەن بێویژدانن.

2-ناپاکیی دیاردەیەکی باوە بۆتە هۆی لێکجیابونەوە لەنێوان هاوسەران.

3-زۆرینەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لەو هاوسەرانە پێکهاتون کە لە پرۆسەی هاوسەرگیری ناڕازین بە ئارەزوی خۆیان ئەو کەسەیان هەڵنەبژرادوە کە هاوسەرگیریان لەگەڵ کردوە.

4- دو جۆر لە ناپاکیی هاوسەرگیری لەناو نمونەی توێژینەوەکە بەرچاودەکەون، ئەوانیش ناپاکیی سۆزداری و ناپاکیی سێکسییە.

5-بەرکەوتن بە بابەتی ناپاکیی هاوسەرگیری ڕوداوێکی چاوەڕوانکراوە لەلایەن هاوسەرانەوە.

ئەم خشتەیە ژمارەو شوێنی نمونەی توێژینەوەکە ڕون دەکاتەوە لەشاری هەولێر

| ژ | دامەزراوەکان | ژمارەی نمونەی توێژینەوەکە |
|---|---|---|
| 1 | بەڕێوەبەرایەتیی شەڵتەری ئافرەتان | 2 |
| 2 | بەڕێوبەرایەتیی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان | 4 |
| 3 | بەڕێوەبەرایەتیی گرتن و گواستنەوە هەولێر | 2 |
| | کۆی گشتی | 8 |

**شەشەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

لایەنی مەیدانی لە هەر توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی پێویستی بە چەند ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و گەیشتن بە دەرئەنجام. لەتوێژینەوەی زانستیدا چەند ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری هەیە، هیچ ئامرازێک نییە بۆ هەمو توێژینەوەیەک بێت، بۆیە هەر توێژینەوەیەک ئامرازێکی گونجاو هەیە و مەرج نییە بۆ هەمو توێژنیەوەیەک یەک جۆر لەئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری دەستبدات، بەڵکو لە توێژینەوەیەک بۆ توێژینەوەیەکی دیکە دەگۆڕێت و بەندە بەئامانج و سروشتی توێژینەوەکە و جۆری سامپڵەکەیەوە (بۆکانی،2020: 132) لەلایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیەدا تواندراوە سود لەئامرازی چاوپێکەوتن وەربگرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

## 1-چاوپێکەوتن:(Interview)

بریتییە لە پەیوەندیەکی پیشەیی لەنێوان پسپۆری کۆمەڵایەتی و ئەو کەسەی گرفتێکی هەیە، لە چوارچێوەی بنەماو ڕێسای دیاریکراو، توێژەر لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت زانیاری لەلێتوێژراو وەربگرێت، سودێکی باش بەتوێژینەوەکەی بگەیێنێت، لەبەرئەوەی یەکێک لە سودەکانی چاوپێکەوتن ئەوەیە، ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە زانیاری باش پێشکەش دەکەن، چونکە چاودێرییان لەسەر نییە، بۆیە توێژەر دەتوانێت وەڵامەکان بەباشترین شێوە ڕێکبخات و وەڵامی پرسیارەکان کورت بکاتەوە (منذر، 96:2007).

لەم توێژینەوەیەدا هەستاوین بە ئەنجامدانی دو جۆر لە چاوپێکەوتن:

### أ- چاوپێکەوتنی تاکەکەسی(الفردی):

ئەو جۆرە لە چاوپێکەوتنە لەنێوان توێژەر و لێتوێژراو ئەنجامدەدرێت بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیاری، ئەو جۆرە لە چاوپێکەوتنە پێویستی بەکات و خەرجی و ماندوبونێکی زۆری دەبێت، ئەو جۆرەیان لە توێژینەوەی دەرونی و کۆمەڵایەتی زیاتر بەکاردەهێنرێت وسەرکەوتوترە (عیشور،338:2017).

ب-چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی: ئەو جۆرەیان لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی ئەنجامدەدرێت لەگەڵ لێتویژراو بەمەبەستی بەدەستکەوتنی هەندێک لەو زانیاریانەی توێژەر دەیەوێت پێیبگات، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کاریگەری ئەو ڕەفتاری ناپاکیی هاوسەرگیری لەسەر خێزان ونەوەکانیان (المحمودی، 142:2019) .

خشتەی ژمارە(1)

ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

| ڕەگەز | ژمارە دوبارەبوەکان | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 3 | %37,5 |
| مێ | 5 | %62,5 |
| کۆی گشتی | 8 | %100 |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە (1) زۆرترین ئەو کەسانەی ناپاکیی هاوسەرگیری کردوە ڕەگەزی نێرەو دواتریش ڕەگەزی مێ دێت.

خشتەی ژمارە(2)

دابەشبونی ئاستی تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی

| تەمەن | ژمارە دوبارەبوەکان | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| 24-15 | 2 | %25 |
| 34-25 | 4 | %50 |
| 44-35 | 1 | %12,5 |
| 55-45 | 1 | % 12,5 |
| کۆی گشتی | 8 | %100 |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە (2) زۆربەی ئەو کەسانەی ناپاکییان کردوە تەمەنیان لەنێوان (25-34) کە ڕێژەی (50%) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن و پلەی یەکەمیان بەردەکەوێت، هەروەها ئەو کەسانەی تەمەنیان لەنێوان (15-24) ڕێژەی (25%) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێن، کە پلەی دوەمی بەرکەوتوە، هەروەها ئەو کەسانەی تەمەنیان لەنێوان (35-44) و (45-55) ڕێژەی (12,5%) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

خشتەی ژمارە(3)

جۆری نیشتەجێ نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| پیشە | ژمارە دوبارەبوەکان | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| کاسب | 3 | %37,5 |
| ژنیماڵەوە | 5 | %62,5 |
| کۆی گشتی | 8 | %100 |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە(3) زۆرترین ئەو کەسانەی ناپاکیی هاوسەرگیریان کردوە ژنی ماڵەوەن کە ڕێژەی (62,5%) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێن، هەروەها ئەو کەسانەی پیشەی جۆراوجۆریان هەیە کاسبن ڕێژەی (37,5%) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنین، کەپلەی دوەمی بەرکەوتوە.

خشتەی ژمارە(4)

جۆری داهاتی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| داهات مانگانە/هەزار | ژمارەی دوبارەبوەکان | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| 724-500 | 4 | %50 |
| 999-725 | 1 | %12,5 |
| 1000000 وبەرەوسەر | 3 | %37,5 |
| کۆی گشتی | 8 | %100 |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە (4) زۆرترین ئەو کەسانەی ناپاکیی هاوسەرگیری کردوە، داهاتی مانگانەیان لەنێوان (500-724) هەزار دینارە، کەپلەی یەکەمیان بەرکەوتوە، دوای ئەوانیش ئەو کەسانە دێن کە داهاتی مانگانەیان لەنێوان (725-999) هەزار دینارە کە پلەی دوەمی بەرکەوتوە، دوای ئەوانیش ئەو کەسانە دێن کە داهاتی مانگانەیان لە (1000000) دینار بەرەو سەروترە.

خشتەی ژمارە(5)

شوێنی نیشەجێبونی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| شوێنی نیشتەجێ بون | ژمارە دوبارەبوەکان | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| شار | 4 | %50 |
| ناحیە | 3 | %37,5 |
| گوند | 1 | %12,5 |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 8 | %100 |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە (5) زۆرترین ئەو کەسانەی ناپاکیی هاوسەرگیرییان کردوە، خەڵکی شارن کە ڕێژەیی (50%) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنین کەپلەی یەکەمی بەرکەوتوە، هەروەها ئەو کەسانەی ناحیەن ڕێژەیی (37,5) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن کە پلەی دوەمی بەرکەوتوە، هەروەها ئەو کەسانەی خەڵکی گوندن بەڕێژەیی (12,5%) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێن کە پلەی سێیەمی بەرکەوتوە.

خشتەی ژمارە(6)

جۆری نیشتەجێ نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| جۆری نیشتەجێبون | ژمارە دوبارەبوەکان | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| مولک | 3 | %37,5 |
| کرێ | 3 | %37,5 |
| هاوبەش | 2 | % 25 |
| کۆی گشتی | 8 | %100 |

بەگوێرەی جۆری نیشتەجێ بون، زۆرترین ئەو کەسانەی ناپاکیی هاوسەرگیریان کردوە لەخانوی کرێ و موڵکن کەڕێژەیی (37,5%) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن کە پلەی یەکەمیان بەرکەوتوە، هەروەها ئەو کەسانەی لەخانوی هاوبەش دەژین ڕێژەی (25%) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. کە پلەی دوەمی بەرکەوتوە.

خشتەی ژمارە(7)

جۆری ناپاکیی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| جۆری ناپاکیی | ژمارەی دوبارەبوەکان | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|
| ناپاکیی سێکسی | 5 | %62,5 |

| | | |
|---|---|---|
| ناپاکیی سۆزداری | 3 | %37,5 |
| کۆی گشتی | 8 | %100 |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە (7) زۆرترین جۆری ناپاکیی لەجۆری ناپاکیی سێکسی بونە کە ڕێژەی (62,5%) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، کە پلەی یەکەمی بەرکەوتوە، هەروەها ناپاکیی سۆزداری کە ڕێژەیی (37,5%) نمونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت بەپلەی دوەم دێت.

یەکەم: ڕێژەی بەربڵاوی ناپاکیی لەنێوان هاوسەرانی کوردستانی لەچ ئاستێکدایە.

بەگوێرەی زانیارییەکانی بەشی پلان و ئاماری شاری هەولێر بۆ ساڵی (2022) زۆرترین ئەو کەسانەی ڕوبەڕوی گرفتی ناپاکیی هاوسەرگیری بونەتەوە تەمەنیان لە نێوان (30-35) ساڵیدایە، کۆی گشتی حاڵەتەکانی ناپاکیی هاوسەرگیری بۆ ساڵی (2022) گەیشتۆتە (1023) حاڵەت، لە کۆی گشتی حاڵەتەکانی جیابونەوەی هاوسەران کە سەرجەمیان (5465)، کەواتە ناپاکیی هاوسەرگیری پلەی دوەمی بەرکەوتوە لەنێو هۆکارەکانی لێکترازانی خێزان لەو ساڵەدا.

دوەم: هۆکارەکانی ناپاکیی هاوسەری لەکۆمەڵگای کوردستانیدا.

(ن، ج) هۆکاری ناپاکییم دەگەڕێتەوە بۆ زیادبونی هەستی تۆڵەسەندنەوەم لەبەرامبەر هاوسەرەکەم و فەرامۆشی کردنم لەلایەن هاوسەرەکەم، چونکە هاوسەرەکەی بەهۆی کارەکەیەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەماڵەوە دوردەکەوتەوە، جگەلەوە ئەو کاتانەی هاوسەرەکەی لەماڵەوەش بایە لەکاتی شەودا درەنگ دەگەڕایەوە لەکاتی شەودا لەگەڵ برادەرەکانی لەدەرەوە کاتەکانی بەسەر دەبرد، هەندێک شەو هەبو هەر نەدەگەڕایەوە، جگەلەوەش بەبەرچاوی من تەلەفۆنی بۆ ژن و کچی عەرەب دەکرد ئەم دۆخەش هێندەی دیکە ڕق و کینەی منی بەرامبەر بەو زیادکردو، هانیدام ناپاکیی بەرامبەر هاوسەرەکەی بکەم تۆڵە لە هاوسەرەکەم بکەمەوە.

هەرچی هۆکاری ناپاکیی لای (پ،د)ە دەگەڕێتەوە بۆ بەزۆر بەشودان و لەلایەن براکەیەوە، لەبەرئەوەی براکەی هیچ ڕێزێکی بۆ هەستی خوشکەکەی دانەنابو، چونکە لێتوێژراو پەیوەندی هەبوە، ئارەزوی کردوە شو بەهاوڕێکی خۆی بکات کە لەقوتابخانە بەیەکەوە دەیانخوێند، بەڵام براکەی ڕازی نەبوە شو بەو کوڕە

بکات بۆیە لێتوێژراو لە تۆڵەی ئەو کارەی براکەی بەرامبەری کردوە، پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێی قوتابخانە ناپچڕێنێت و بەردەوام دەبێت.

بەڵام هۆکاری ناپاکیی لای (م، أ) جیاواز لە (پ،د) و (ن،ج) لەبەرئەوەی (م، أ) هۆکاری ناپاکیی دەگەڕێتەوە بۆ چاولێکەری کاریگەری و لاسایکردنەوەی هاوڕێکانی و کاریگەری هاوڕێکانی لەسەر دەبێت، چونکە هاوڕێکانی پەیوەندی لەگەڵ کچ و ژن هەبوە ئەمەش هانی لێتوێژراو دەدات ناپاکیی بەرامبەر هاوسەرەکەی بکات. هەرچی (ژ،ج) هۆکاری ناپاکیی دەگەڕێتەوە بۆ بونی کاتێکی زۆری دەستبەتاڵی و بەسەربردنی کاتەکانی لەماڵەوە بەدیار فلیمە دۆبلاژکراوەکان و دواتر لاسایکردنەوەی فلیمە دۆبلاژکراوەکان، بەڵام (ک،م) (ش،و) جیاواز لەوانی پێشوتر، چونکە هۆکاری ناپاکیی کردنیان دەگەڕێتەوە بۆ خراپی ئەو دۆخە ئابورییەی خێزانەکەیان تێدادەژین، هاوسەرەکەی بڕە موچەیەک وەردەگرێت بەشی پێداویستییەکانی نەکردوە، بۆیە ئەویش پەنای بۆ ناپاکیی بردوە.

توێژەر: ماوەیەکی زۆر گرفتێکی گەورە ڕوبەڕوی توێژی موچەخۆران بۆتەوە، ئەمەش بەهۆی قەیرانی دارایی و پاشەکەوتی موچە، ئەمەش هیندەی دیکە دۆخی ژیانی ئەو خێزانەی قورسترکرد، ئەمەش هانی داوە بۆ ئەوەی ناپاکیی بکات.

هەرچی (ق،ز) جیاواز لەوانی پێشوتر هۆکاری ناپاکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێرنەبونی غەریزەی سێکسی لەلایەن هاوژینەکەی بۆیە هانی دەدات ناپاکیی بەرامبەرەکەی بکات.

هەروەها هۆکاری ناپاکیی کردنم لەلایەن (ف،ج) دەگەڕێتەوە بۆ دورکەوتنەوەی لەماڵەوە بەپاساوی کارەکەی.

**سەبارە بەشێوازی هاوسەرگیری.**

سەبارەت شێوازی هاوسەرگیری (ن،ج) و (م،أ) و (ق،ز) بەرێکەوت بو. ئەمەش پێچەوانەی (پ،د) و (ژ،م) و (ح،ج) لەبەرئەوەی ئەمانە شێوازی هاوسەرگیریان بەزۆری بو، بەڵام شێوازی هاوسەرگیری (ش،و) (ک،م) جیاواز بو لەوانی پێشوتر لەسەر بنەمای خزمایەتی بو، پێشنەی یەکترناسینیان لەگەڵ یەکتر هەبوە، بەڵام شێوازی هاوسەرگیری (ش،و) لەڕێگەی ژن بەژنەوە بو، هیچ پێشینەیەکی یەکترناسینیان لەنێواندا نەبوە، بەڵام جیاواز لەهەمو ئەوانەی پێشوتر کە باسکران، شێوازی هاوسەرگیری (ف،ج) جیاواز لەوانی پێشوتر، چونکە جۆری هاوسەرگیریان لەڕێگەی خۆشەویستییەوە بوە.

**سێیەم: جۆری ناپاکیی هاوسەرگیری لەلایەن یەکەکانی توێژینەوە.**

جۆری ناپاکیی کردنی (ن،ج) و (پ،د) (ک،م) (ف.ج) (ق.ز) هاوشێوەن لەبەرئەوەی جۆری ناپاکیان سێکسی بو، بەڵام جۆری ناپاکیی (م،أ) و (ح،ج) (ژ،م) (ش،و) لەجۆری ناپاکیی هەرچی (ک،م) جۆری ناپاکیی سۆزداری بو.

**چوارەم: ناپاکیی هاوسەرگیری بۆتە هۆی لێکترازانی خێزانی.**

ناپاکیی هاوسەرگیری لای (ن،ج) و (پ،د) و (ژ،م) و (ش،و) (ک،م) بوەتە هۆی لێکترزانی خێزان، بەڵام ناپاکیی هاوسەرگیری لای (م،أ) و (ح،ج) و (ف،ج) (ق،ز) پێچەوانەی ئەوانەی پشوتر بو، لەبەرئەوەی ناپاکیی هاوسەرگیری نەبۆتە هۆی لێکترازانی خێزانی لەنێوان هاوسەران.

**ناپاکیی هاوسەرگیری کاریگەری هەبو لەسەر منداڵ و نەوەکانی.**

ناپاکیی هاوسەرگیری لای (ن،ج )و(ژ،م) بەهۆی ئەوەی منداڵیان نەبوە ناپاکیی کاریگەری لەسەر منداڵ ونەوەکان نەبوە، بەڵام ناپاکیی کاریگەری هەبوە لەسەر منداڵی (پ،د) لەبەرئەو منداڵەکە لەگەڵ دایکی لەشڵتەرن و باوکیی ئەو منداڵە ئامادە نییە منداڵەکەی ببینێ و بیباتەوە لای خۆی، ئەمەش لەڕوی دەرونییەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر کەسایەتی ئەو منداڵە دروست دەکات و دەبێتە هۆی بێبەش بونی ئەو منداڵە لەسۆز و خۆشەویستی باوکی و باوکی ئەو منداڵە ئامادەش نییە ئەو منداڵە بباتەوە لای خۆی.

توێژەر: دوای ئەوەی دایکی ئەو منداڵە ناپاکیی هاوسەرەکەی دەکات، هاوسەرەکەشی لەتۆڵەی ئەو هەڵەیەی هاوسەرەکەی کردویەتی ئامادەنییە منداڵەکەی بباتەوە لای خۆی ئەگەرچی بەیاساش باوکەکە دەتوانێ ئەو منداڵانە لەخۆبگرێت، هەرچی منداڵەکانی (م،أ) (ح،ج) ماوەیەک بەهۆی زویربونی دایکیان دەکەونە لای باوک و دایکی لێتوێژراو ،دواتر جارێکی دیکە لەڕێگەی لێتوێژراو هاوژینی لێتوێژراو، ڕازی دەکەن لەپێناوی پەرتەوازەنەبون و بێسەرپەرشت نەبونی منداڵەکانیان ئەویش ڕازی دەبێت دەگەڕێتەوە بۆ ناو منداڵەکان.

هەرچی (ش،و) و (ق،ز) خاوەنی سێ منداڵە، هەروەها (ق،ز) و (ف،ج) خاوەنی یەک منداڵن لەئێستادا لای هاوژینەکانیانن، کەواتە هەریەکە لە (پ،د) کە خاوەنی یەک منداڵ و (ح،ج) خاوەنی دو منداڵە و (ک،م) خاوەنی سێ منداڵە، بەهۆی ئەو گرفتەوە کەوتونەتە لای دایکیان.

**ناپاکیی هاوسەرگیری بۆتە هۆی گرفت لەنێوان خێزانەکان.**

بەگوێرەی وتەی (ن،ج) ناپاکییم مەترسی لەسەر ژیانی من هەبوە، چونکە بەهۆی ئەو گرفتەوە هاوسەرەکەم سکاڵای لەسەر من تۆمارکردوە و هەڕەشەم لەسەرە بەمەبەستی سەلامەتیمەوە من لەئێستادا لەشەڵتەرم،

هەرچی (پ،د) ناپاکیی هاوسەرگیری هاوشێوەی (ن،ج) سکاڵام لەسەر تۆمارکراوە ناچار بوم لێرە تاوەکو گرفتەکە لەنێوان خێزانەکان چارەسەر دەکرێت من لێرەم بەمەبەستی سەلامەتیم، ئەم گرفتەش لەئێستادا بۆتە گرفت لەنێوان خێزانەکان و هەرەشەم لەسەرە، بۆنمونە بنەماڵەی خێزانی ئەو کەسەی ناپاکی لەگەڵ لێتوێژراو ئەنجام داوە، بڕی(10000) دۆلاریان داوەتە بنەماڵەی ئەو ژنەی ناپاکیی کردوە، بەڵام بنەماڵەی هاوسەری ئەو ژنەی ناپاکیەکەی کردوە، داوای (50000) دۆلار لەبنەماڵە ئەو کوڕەدەکەن کەناپاکییەکەی ئەنجامداوە بەڵام بنەماڵەی هاوڕێکەم باری ئابورییان خراپە ناتوانن ئەو بڕە پارەیە دابین بکەن، هەر لەبەر ئەم گرفتەشە تاوەکو ئەو کاتەی ئێمە چاوپێکەوتنەکەمان ئەنجامداوە، گرفتەکە لەنێوان ئەو دو خێزانە بەردەوامە و بەتەواوی چارەسەرنەکراوە.

هەرچی سەبارەت بە (م،أ) هاوشێوەی ئەوانەی پێشوتر، سکاڵام لەسەر تۆمارکراوە لەلایەن هاوسەری ئەو ژنە، بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نێوانمان هەوڵدراوە، لەڕێگەی سولحی عەشایرییەوە گرفتەکەمان چارەسەر بکەین، بۆئەو مەبەستە هاوسەری ئەو ژنە داوای پارەیەکی زۆر دەکات، بەڵام تاوەکو ئێستا خێزانەکەم نەیتوانیوە ئەو بڕە پارە دابینبکات بۆئەوەی گرفت لەنێوان خێزانەکان چارەسەر بکەین.

هەرچی (ح،ج) هاوشێوەی کەیسەکانی پێشوتر بەهۆی سکاڵای هاوژینی ئەو ژنەی ناپاکیی لەگەڵی کردوە، ڕوبەڕوی زیندان بۆتەوە بەوتەی لێتوێژراوماوەی ساڵێک زیاترە لەزینداندایە، ئەوەی بابەتی ئەو کەیسە لەوانی دیکە جیادەکاتەوە، سکاڵاکار ئامادەنییە، گرفتەکە لەگەڵ ئەو کەسە لەڕێگەی سولحی عەشایری چارەسەر بکات، بەڵکو دەیەوێت گرفتەکە لەڕێگەی یاساوە چارەسەر بکرێت، لێتوێژراو ماوەی یاسایی لەزیندان تەواوبکات، بۆیە گرفت لەنێوان خێزانەکان ماوەو چارەسەر نەکراوە.

هەرچی (ژ،م)ە، من ماوەی ساڵێک زیاتر لە ساڵێکە لەبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانم، هاوسەرەکەم سکاڵای لێکردم و ئامادەش نییە لێم خۆش بێت، هاوسەرەکەم داوادەکات گرفتی نێوانمان لەڕێگەی یاساوە چارەسەربکرێت نەوەکو لەڕێگەی سولحی عەشایری، بۆیە تاوەکو ئێستا من قسەی لەگەڵ ئێوەدەکەم گرفت لەنێوان ئێمە بەردەوامەو چارەسەرنەکراوە.

توێژەر: بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ناپاکیی هاوسەرگیری بۆتە هۆی لێکترازانی خێزانی کۆمەڵێک گرفتی دیکەی دەرونی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆی دادەهێنێت، بۆنمونە بێبەش بونی منداڵ لەژێر کۆنترۆڵ و پەروەردەی دایک وباوکی ناکۆکی لەنێوان خێزان و دروستبونی گرفتێکی ئابوری گەورە لەسەر ئەندامانی خێزان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی باوک لەنێو خێزان چونکە ژمارەیەک لە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە

ڕەگەزی نێرن هیچ موچە یاخود سەرچاوەیەکی داهاتی ئەوتۆیان نییە بۆئەوەی بتوانن بژێوی خێزانەکەیان دابین بکەن، بۆیە خێزانەکانیان لەلایەن کەسانی نزیکەکانیانەوە هاوکاری دەکرێن.

ناپاکیی هاوسەرگیری بۆتە هۆی لەکەدارکردنی کەسایەتی خۆت و پێگەی کۆمەڵایتی خێزانەکانتان.

سەرجەم ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەست بەوەدەکەن بەهۆی ئەو کارەیانەوە زیانیان بەکەسایەتی خۆی و بنەماڵە و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی خێزانەکەی گەیاندوە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1-یەکێک لە هۆکارەکانی ناپاکی لای ئەو کەیسەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەستی تۆڵەسەندنەوەی بەرامبەر هاوسەرەکەی.

2 -بەگوێرەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە زۆرترین ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هۆکاری فەرامۆشکردن و هەبونی بۆشایی لەلایەنی سۆزدایی و سێکسییەوە هاوسەرانی ڕوبەڕوی ئەو دۆخە کردۆتەوە.

3- بەگوێرەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوتوە ئەو کەسانەی ناپاکیان کردوە بەزۆر بەشودراون یاخود بە ئارەزوی خۆیان شویان نەکردوە و ستەمیان لێکراوە.

4 - بەشێک لە کەیسەکانی نمونەی توێژینەوەکە ژنی ماڵەوەن.

5- بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوە لاسایکردنەوەی دراما دۆبلاژکراوەکان کاریگەری هەبوە لە پانابردن بۆ ناپاکی.

6- جۆری هاوسەرگیری ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بەرێکەوت بوە.

## تاوتۆێکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەی ئێمەش هەریەکە لە توێژینەوکانی (یوسف محسن عولا و سەروین غازی عثمان) و تود وایفا وارون Todd K. Shackelford Avi Besser, Aaron T. Goetz) توێژینەوەکەی ئێمە گەیشتونە بەو ئەو ئەنجامەی بەشێکی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوبەڕوی ناپاکی بونەتەوە خاوەنی منداڵان، لاوازی هەستی سۆزداریی و سێکسی لای هاوسەران هۆکارێک بوە بۆ ناپاکیی بەرامبەر هاوسەرگیرەکانیان بکەن، سەبارەت بە جۆری هاوسەرگیرییان بە ڕێکەوت بوەو بەئارەزوی خۆیان شویان نەکردوە یاخود بە زۆر شویان کردوە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئێمە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (دیدوی سامیة)یەک دەگرێتەوە بەگوێرەی ئەنجامەی توێژینەوەکە، بڵاوبونەو ئاژاوەی خێزانی ملمڵانێی و ناکۆکی لەنێوان هاوسەران و دروستبونی دروستبونی هەستی تۆلەسەندنەوە لەنێوان هاوسەران کاریگەری خراپی دەبێت ئاستی بژێوی ئەو خێزانانەی ڕوبەڕوی ئەو دۆخە بونەتەوەو باری داراییان خراپ، هەروەها لاوازی و ساردی سۆزداری و سێکسی و گرنگیپێنەدان لەلایەن هاوسەران پەنابردنی هاوسەران بۆ کەسی سێیەم بۆ تێرکردنی ئەولایانە و دورکەوتنەوەی لەماڵەوە بەپاساوی ئەرک یاخود کارکردنە.

هەروەها ئەنجامی توێژینەوەکەی ئێمە لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی (تود وایفا وارون .Todd K Shackelford Avi Besser, Aaron T. Goetz) و (دیدوی سامیة) یەکدەگرێتەوە بەگوێرەی ئەنجامی هەر سێ توێژینەوە ناپاکیی هاوسەرگیری کاریگەری بۆتە هۆی لێکترازانی خێزانی لەنێوان هاوسەران.

سەبارەت بە جۆری توێژینەوەکەی ئێمە و توێژینەوەی (دیدوی سامیة) لەجۆری چۆنایەتییە، سەبارەت بە وەرگرتنی نمونەی توێژینەوەکەی ئێمەو (دیدوی سامیة) و (یوسف محسن عولا و سەروین غازی عثمان) نمونەی مەبەستداری وەرگرتوە، هەروەها هەریەکە لە توێژینەوەکانی ئێمە و (دیدوی سامیة) و (یوسف محسن عولا و سەروین غازی عثمان) بۆ وەرگرتن و کۆکرنەوەی زانیاری ئامرازی چاوپێکەوتنیان بەکارهێناوە، هەروەها توێژینەوەی (یوسف محسن عولا وسەروین غازی عثمان )میتۆدی مێژوی و ئەزمونی بەکارهێناوە، بەڵام توێژینەوەی (تود وایفا وارون .Todd K. Shackelford Avi Besser, Aaron T Goetz) میتۆدەکانی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی و میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە، هەروەها سەبارەت بە ژمارەی نمونەکانی توێژینەوەی ئێمەو (دیدوی سامیة)

سەبارەت بە ژمارەی نمونەکانی توێژینەوە (13) کەسە بەڵام (یوسف محسن عولا وسەروین غازی عثمان) ژمارەی نمونەکانی توێژینەوە (50) کەسە بەڵام ژمارەی نمونەکانی توێژینەوەکە تود وایفا وارون Todd K. Shackelford Avi Besser, Aaron T. Goetz ژمارەیان (107) کەسە، بەڵام ژمارەی نمونەکانی توێژینەوەکانی ئێمە (8) کەسە.

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە.

دوای ئەوەی ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێک گەیشت کە پەیوەست بەکاریگەرییەکانی ناپاکیی هاوسەرگیری لەسەر خێزان لەشاری هەولێر بۆیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانەوە توێژەران دەیانەوێ ڕاسپاردەکانیان بخەنەڕو:

1-لەسەر خێزان پێویستە زۆر گرنگی بەپەروەردەکردنی منداڵەکانیان بدەن لە سەرجەم لایەنەکانی ژیانیان بۆ ئەوەی لە داهاتو کە دەبنە خاوەن هاوسەرو خێزانی خۆیان بتوانن لە ئاست ئەو بەرپرسیارەتیەدا بن.

2-پێویستە خێزانەکان ئەو مافە بە خۆیان نەدەن کچەکانیان بە زۆر یاخود بەزوی بەشو بدەن.

3-پێویستە لەسەر هاوسەران بایەخ وگرنگی بەیەکتر بدەن ڕێز لەیەکتربگرن وپێداویستیەکانی یەکتر پربکەنەوە لەڕوی سۆزداری و سێکسی.

4- پێم باشە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی داد خولی ڕاهێنان و سیمینار وۆرک شۆپ بۆ ئەو هاوسەرانە بکەنەوە کە دەچنە ناو قۆناغی ژیانی هاوسەرگیری.

5-وا باشترە لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن لە پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت بەو گرفتانە بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەڕێگەی پسپۆرانی یاسایی و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و پیاوانی ئاینیەوە.

**دوەم پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:**

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوە بەپێویستی دەزانم چەند پێشنیارێک ئاراستەی ئەو توێژەرانە بکەم کە گرنگی بە توێژینەوەی لەو جۆرە دەدەن.

1- توێژەرانی داوای من توێژینەوەیەکی بەراوردکاری بکەن بۆئەوەی بۆمان ڕونبێتەوە کە کۆمەڵگەی کوردی لەماوەکانی ڕابردو بەبەراورد بەئێستا ناپاکیی هاوسەرگیری بەچ ئاکامێک گەیشتوە.
2 –توێژینەوەیەک دەربارەی شوێن و جۆری نیشتەجێ بون بکرێت بۆ ئەوەی بۆمان ڕون بێتەوە شوێن و جۆری نیشتەجێبون چ کاریگەری هەیە لەسەر ڕێژەی ناپاکیی هاوسەرگیری و کاریگەری ئەو ناپاکییە.

3 - ئەم جۆرە لە توێژینەوانە لەسەرجەم شارەکانی تری هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێت بەمەستی زانین و بەراوردکردنیان.

4 – ئاماری فەرمی سەبارەت بەو گرفتە لەسەرجەم شارەکانی کوردستان هەبێت، ئەگەرچی لەئێستادا ئامار تەنها لەشارەکانی هەولێر هەیە، لەشارەکانی دیکەی کوردستان ئامار بەردەست نین.

# The Effective of Marriage Betery on The Life of Family

## An Analytical Research

**Ismaill khalid Mawlood[1] - Abdulhameed Ali Saeed Barazanji[2]**

[1+2] Sociology Department, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The current study aims to know the main causes of marital in fidelity &its impact on families and children in particular & on society in general .

The study merstigates the preralence of marital infidelity its types it also attempts to discover the motivating factors that leads to conduct this act in addition, the impact of such action in addition, the impact of such action on families as well as various of betrayal methods to prevent the spread of betrayal is also identified by the researcher

The type of the study is qualitative& description approach is used by the research to study the case & the interview with observation tools are used to collect data with narrative tools to singinfy on the case research.

The researcher took 5cases in Erbil city center .samples are from several governmental institutions thar are specialized in reform, adoption also protecting individuals from Any from of violence or Threat. For instance, Erbil Shelter Directorate, women &Children reform Directorate ,Detention &transfer Directorate)

The study concludes thar one of the main reason for infedility in most of the cases is the feeling of revenge that one of the spouses hold against the other due to the absence of the partner that creates an emotional & sexual gap & leads to neglect.

In addition, imitating dubbed dramas had an impact on prevalence of this phenomenon.

**Key Words**: Betrayal, Marriage Betrayal. Marriage, Family.

## سەرچاوەکان

بۆکانی، سابیر بکر بۆکانی، (2020)، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی،چ 1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

حسن، إحسان محمد،(2010)،و، دیدار ابو زید، تیۆرە کۆمەڵایەتیە پێشکەوتوەکان،و/ دیدا،چ،1،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

ئەکرەم،سۆرین،(2020)،بیردۆزەکانی تاواناسی، هەولێر،چاپخانەی ناوەندی ئاودێر بۆچاپ وبڵاوکردنەوە.

شوانی، محمد،(2015)،میتۆدەکانی توێژینەوە لەکۆمەڵناسی، چ1،چاپخانەی : فێربون، سلێمانی.

عولا، یوسف محسن عثمان، سەروین غازی(2016)، هۆکارەکانی ناپاکیی هاوسەرگیریی لای ئافرەتان-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی ژنان ومندالان / هەولێر ئەنجامدراوە.

عومەر،مەعن خەلیل، (2011)، ڕێبازەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا،و/زێرەک ئەحمەد ڕەحمان،چ،1،چاپخانەی ڕۆهەژهەلات، هەولێر.

ئەپراش، ئیبراهیم، (2013)، میتۆدە توێژینەوەی لەکۆمەڵناسی، و/ دیدار ئەبوزید، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

ئەنگلس، فردریک، (2006)، بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەولەت، و/کەریم مەلا ڕشید، چ،1، چاپخانەی تیشک سلێمانی.

ألمشهدانی،سعد سلمان،(2017)،مناهج البعث الاعلامي،ط،1،المطبعة :دار الكتاب الجامي العين،لبنان .

تيرنر،(2000)،جوناثان،بناء نظرية علم الاجتماع،ترجمه/محمد سعيد فرح،ط2،المطبعة :الناشر المعارف الاسكندرية.مصر.

حجازى، محمد فواد،(2008)النظريات الاجتماعية، الطبعة السادسة،مكتبةوهبة، القاهرة.

الحسن، إحسان محمد (2005)، النظريات الاجتماعية المتقدمة،ط1 الاول، المطبعة : الداروائل للنشروالتوزيع الأردن

ديدوى ساميه،علاقات الصراعات الأسرية بالخيانه الزوجية مدى تاثرها على الروابط الاسرية بولايه مستغانم، مذكره التخرج لنيل شهادة ماجستر-جامعة وهران فى علّم الاجتماع رسالّة منشورة، جامعة وهران، جەزائير، 2009-2010.

زيتون،كمال عبدالحميد،(2006 )،تصميم البحوث الكيفية ومعالجة بياناتها الكترونيا،ط1،عالم الكتب القاهرة

السدخان،عبد الله بن ناصر،(2011)،دليل الارشاد الاسري مشكلة الخيانة الزوجية،ط1، المطبعة :مكتبة الفهد الوطنية للنشر الرياض،ص34 .

عرابى،عبدالقادر،(2007)،المنهج الكيفية في العلوم الاجتماعية،ط،1،دار الفكر،دميشق،

عبد الرحمن محمد الشهرانى(2004)،الخصائص الاجتماعية لمرتكبي الجريمة لسرقة في المحلات التجارية،رسالة ماجستير غير منشورة،جامعة نايف العربي للعلوم اللأمنية،الرياض.

القاسم، ميادة،(2021)،مناهج البحث الاجتماعى وتطبيقاتها فى علم الاجتماع(دراسة سوسيو لوجية تحليية) مجلة العربية للنشر العلمي،عدد 31،جامعة ماردين حلب.سورية.

المحمودى، محمد سرحان على،(2019 )،مناهج البحث العلمى،ط3،المطبعة :دارالكتب،صنعاء، اليمن.

منذر،عبدالحميد الضامن،(2007)،اساليب البحث العلمى، ط 1،المطبعة : دارالميسرة،ص، 96،عمان.

Todd K. Shackelford, Avi Besser , Aaron T. Goetz,(2007) Personality, Marital Satisfaction, and Probability of Marital Infidelity , Paper in press in Individual Differences Research (IDR),

John Pierson and Martin Thomas, Dictionary of Social Work, Secondary edition, Harper collines publishers2002,p269.